# ململانێی خودی لە شیعری(شاری دڵ)ی سەید کامیلی ئیمام زەنبیلی دا
## (تۆژینەوەیەکی دەروونشیکاری و بەراوردی ئەدەبییە)

**پ.ی.د. هاوژین صلیوە عیسا**
**زانکۆی کۆیە- فاکەڵتی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی**

### پێشەکی:

شیعری (شاری دڵ), یەکێکە لەشیعرە سەرنجڕاکێشەکانی سەید کامیلی ئیمام زەنبیلی(کامیل شا)، لە ڕەهەندێکی دەروونییەوە هەڵقوڵاوە، ململانێی شاعیرە لەگەڵ خودی خۆی، کە ماهیەتی شیعرەکە لە سەر بنەمای (چوون و نە چوون) بنیات نراوە.
هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە: بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەقەکەم پێ باش بوو، گوتنی بەگۆرانی لەلایەن هونەرمەند (محەمەدی ماملێ)ئەوەندەی تر خۆی لەدیوارەکانی دڵم سوویی، هەڵبژاردنی ناونیشانی (ململانێی خودی) بۆئەم دەقە زۆر گونجاو بوو.
ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: تاو توێ کردنی ئەم شیعرە و پیشاندانی لایەنی دەروونی و ململانێی خودی، ڕاڤەکردن و خستنە ڕووی ململانێی نیوان (عەقڵ دڵ)ە.
میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: میتۆدی وەسفی- دەرونشیکاری و بەراوردم گرتۆتە بەر، بۆ ڕۆچوون بەرەو ناخی شاعیر, دواتر بەراوردکردنی لەگەڵ چەند شیعرێکی فارسی.
ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە لە چوار باس پێکهاتووە، باسی یەکەم: پێناسەو چەمکی ململانێ: کە تێیدا پێناسەی ململانێ و جۆرەکانی ململانێ خراونەتە ڕوو، لەوانە ململانێی خودی، ململانێ لەگەڵ کەسانی تر، ململانێ لەگەڵ سروشت، هەڵبەتە شیعرەکە دەکەوێتە خانەی ململانێی خودی. باسی دووەم: پەیوەندی نێوان عەقڵ و دڵ: باسی ئەوەمان کردووە، کە ئایە دڵ مەڵبەندی بیرکرنەوەیە, یان عەقڵ، پەیوەندی نێوان ئەم دوو شتە چییە، بیروڕای کۆمەڵێ زانامان هێناوەتەوە و لەڕێی ئەوەوە ڕێگامان خۆش کردووە بۆئەوەی لەدوای ئەم باسە باسی شیعرەکە بکەین. باسی سێیەم: ڕاڤەی شیعری (شاری دڵ): شیعرەکە لە حەوت دێر پێکهاتووە، ئێمە لەناونیشانەکەیەوە لێکدانەوەمان بۆکردووە و باری دەروونی شاعیرمان خستۆتە ڕوو،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئینجا هەر دێرەش بەجودا تیشکی خراوەتە سەر، ئەو بارە دەروونییەی شاعیرمان تاوتوێ کردووە.تەوەرەی چوارەم: دەربڕی گوتەی (بڕۆم و نەڕۆم)لەشیعری کوردی و فارسی دا, کەتێیدا بەراوردی شیعرەکەی(سەید کامیل)مان کردووە لەگەڵ چەند شیعرێکی فارسی. بۆ بەهێزکردنی باسەکە و بەڵگە هێنانەوەش, پشتمان بە چەند سەرچاوەیەک بەستووە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەش چەند هێڵکاری و وێنەیەکمان بەکارهێناوە.

**١-پێناسەو چەمکی ململانێی خودی:**

مرۆڤ زیاد لەهەموو بوونەوەرەکانی دیکە بوونەوەرێکی دەروون ئاڵۆزە، هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە بوونەوەرێکی وشیارەو زوو درک بەشتەکان دەکات و لێکدانەوە بۆئێستاو ڕابردو و داهاتووش دەکات. (مەهدی محەمەد جەواد) بەم شێوەیە پێناسەی ململانێی دەروونی دەکات:((بارێکە تاک تێیدا تێدەپەڕێت، کاتێ کە ناتوانێ حەزی چەند پاڵنەرێک پێکەوە دابین بکات))( www.uobab yio.edu.iq), بۆیە دەکەوێتە بیرکردنەوە و شڵەژان بۆیەکلاکردنەوەی ئەم بارە دەروونییە. هەڵبەتە ئەم بابەتە تەنها لەیەک پێناسەدا قەتیس نابێت، دەتوانین بڵێن زۆر جار تاکە هۆکار وادەکا مرۆڤ توشی ململانێی دەروونی بێت. سێ جۆرە ململانێ دیاریکراوە: یەکەم: ململانێی خودی، کە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی دەکەوێتە ململانێ و توشی دوودڵی و شڵەژان دەبێتەوە. دووەم:ململانێ لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەر. سێیەم:ململانێ لەگەڵ سروشت، هەرسێ ململانێکانیش لەخاڵێکدا هاوبەشن, ئەویش ئەوەیە: لە دەروونی تاکە کەسەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە، ئەوەندە هەیە زۆر جار سەرچاوەی ململانێکان دەزانرێ، زۆر جاریش پەیوەندی بەلایەنی نەستی شاراوەوە دەبێت و سەرچاوەکەی زۆر ڕوون نابێت. کەسیەتی مرۆڤیش بە زۆر جۆر پۆلێن کراوە لەوانە:((کەسێتی کراوە، کەسێتی داخراو، کەسێتی خۆویست، کەسێتی پشت بەستوو، کەسێتی هیستیری، کەسێتی تیژ، کەسێتی نەرم، کەسێتی خەمۆک، کەسێتی کاریزمی، کەسێتی پەڕگیر، کەسێتی دژە کۆمەڵگا، کەسێتی داهێنەر، کەسێتی شەڕانگێز، کەسێتی کەم و کورت...))( علی، ٢٠١٠: ١٩) ئەم هەموو جۆرە شێوە دەروونە بەرهەمی جۆراوجۆر لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی تاکەکان دێنێتە کایەوە، جۆرێکی دی لە دڵەڕاوکێ, کە سەرچاوەکەی لە گومانەوە دروست دەبێت، ((ئەو گومانەی وێنەیەکی دروست بووی کۆمەڵگەیە، کە دڵەڕاوکێ بەرهەم دەهێنێ، دیاردەی دڵەڕاوکێ پەیوەستە بە باری تەندروستی کارەکتەرەکەو لەناو کۆمەڵدا سەرچاوەی گرتووە.))( باین،٢٠٠٦: ١٣٤) دەقنووس لەکاتی نووسیندا لەململانێی خودی دایە، چونکە تێکستە ئەدەبییەکان پەیوەندییەکی توند و تۆڵیان بەلایەنی دەروونی نووسەرەوە هەیە، بەڵام لە هەندێ دەقدا ململانێییەکە زۆر توندە و بەئاشکرا دیارە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢-پەیوەندی نێوان عەقڵ دڵ:**



وێنەی ژمارە (١)

ئەم مەسەلەیە هەر لەدێرین زەمانەوە، مێشکی مرۆڤی سەرقاڵ کردووە، چونکە مرۆڤ هەستی کردووە، هەر پێنج هەستەکەی لەوانە:(بینین، بیستن، بۆنکردن، چەشتن، بەرکەوتن) دەزانێ چین، چونکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کرداری بیستن لەڕێی کوێچکەکانەوە جێ بەجێ دەبێ، کرداری بینین لەڕێی چاوەکانەوە...بەڵام ئەندامە ناوەکییەکانی مرۆڤ جێی سەرنج و تێڕوانینێکی زۆر بووە، مرۆڤ لەسەرەتادا نەیزانیووە، پەنکریاس و جگەر... چ ئەرکێکیان هەیە، بەڵام زانیویانە چاو ئەرکی بینینی هەیە، هەرچەندە دواتر زانست ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کە کرداری بینین چۆن ڕوودەدات و هاوێنەی چاو چۆن وێنەکان بۆمێشکی مرۆڤ دەگوازێتەوە، یان بیستن لەڕێی پەردەی کوێوە لەرە دەنگ و شەپۆلە دەنگییەکان دەگوازێتەوە...، هەڵبەتە ماسوولکەکانی مۆڤ دوو جۆرن:خۆویست و خۆنەویست. خۆویست ئەو ماسوولکانانەن کە لە ژێر ویستی مرۆڤن، بۆنموونە جوڵاندنەوەی دەست لە ژێر ویستی مرۆڤە چۆنی بجوڵێنێ، یان نەجوڵێنێ، بەڵام ماسولکەکانی گەدەو دڵ و کورچیلە...لەژێر ویستی مرۆڤدا نین.

بۆیە لەکۆنەوە مرۆڤ بەدوای ئەوەدا گەڕاوە، ئایە بیرکرنەوە چییە؟ زانیارییەکان لە کوێ تۆمار دەبن؟ ئێمە زۆر جار ئەوە دەبیستین کاتێ کەسێ هەڵەیەک دەکا، یان مرۆڤێک کەمفام بێت پێی دەڵێن:(عاقڵی لەچۆکییەتی)، ئەمە تەنها دەربڕینێکی هاکەزایی نییە، بەڵکو سەردەمانێک مرۆڤ وای زانیووە ئەو مادە لیقەی ژێر کڵاوی چۆک مەڵبەندی بیرکردنەوەیە! دکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانی لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئاماژەی بۆئەوە کرد وتی:((خوێنکارێکی خۆم پێی وتم ڕاستە مامۆستا هەندێک کەس دەڵێن بەشێکی عەقڵ لە چۆکدایە!))( قەرەچەتانی، بەرنامەی سیکۆ لۆجی، ٢٠١٤)، منیش کاتێ لەزانکۆ باسی پەیوەندی نێوان (دڵ و مێشک)م دەکردو ئەو نموونەیەی دکتۆری ناوبراوم هێنایەوە، دیار بوو خوێنکارێک هەرتەواو حاڵی نەبوو، یا لەنەستی ئەویش ئەوە جێگر ببوو، کە ڕەنکە بەشێکی بیرکرنەوە لە چۆک دابێت بۆیە وتی: ((دەنا خزمێکمان هەردوو قاچی لەسەرووی کڵاوچۆکەکانییەوە بڕاون و عەقڵیشی زۆر ساغ و

سەلیمە!!))، ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە، زانست ئەوەی سەلماندووە کرداری بیرکرنەوە و تۆمارکردنی زانیارییەکان...هەمووی لەنێو مۆخینەی مێشک دایە، ئەی کەواتە دڵ چ پەیوەندییەکی هەیە بەم کارەوە؟ هەڵبەتە زۆر جار ئەوەمان بیستووە کاتێ کچێک خوازبێنی دێت، دەڵێ ئەم کوڕەم بەدڵە یا بەدڵم نییە، ئایە دڵ تاچەند پشکی لەو مەسەلەیە هەیە؟ هەڵبەتە مرۆڤ لەکاتی دڵەڕاوکێ و لەکاتی خۆشی و ناخۆشی لێدانی دڵی زیاد دەکات هەست بەترپەکانی دڵی دەکات، هەست بە قوورساییەک دەکات لە سەر سنگی، مەسەلەی دڵداری و وێنەی دڵی بریندار کە تیری پێکەوتووە، پەیوەست دەکرێتەوە بە خۆشەویستی، چونکە دڵ یەکێکە لەو ئەندامانەی لەش لەگەڵ هەڵچوونەکانی دا هەستی پێدەکرێ و خوێن بۆ لەشی مرۆڤ دەبات، هەڵبژاردنی گوڵی سووریش بۆ خۆشەویستی و جەژنی فالانتاین پەیوەندی بە سووری خوێنەوەیە هەیە، چونکە ڕەنگی سوور وروژێنەرە، هەستی جنسی دەبزوێنێ، زۆر سەیر کردنی ڕەنگی سوور فشاری خوێن بەرز دەکاتەوە، هەڵبەتە بڕیاردانی ئەم کچە لەم خۆش ویستن و خۆش نەویستنەدا، ئایە کردارەکان لەنێو مێشک ئەنجام دەدرێن؟ یا لەنێو دڵ؟ هەڵبەتە مێشک مەزەندەی شتەکان دەکات. لە ڕوو بە ڕووبوونەوەیەکی خۆشەویستیدا, مرۆڤ هەست دەکا ترپەکانی دڵی بەگوڕتر لێدەدەن، بۆیە زۆر جار دەڵێن دڵیان لێکسارد بۆتەوە، واتە هێندە یەکتریان خۆش ناوێ، زۆر جار زاراوەی:(دوو دڵ, دڵ ڕەق، دڵ نەرم، دڵ پیس،دڵ تەنگ, دڵ فراوان، دڵ پاک, دڵ ڕەش,دڵ سپی...)دەبیستین، ئایە ئەمانە هەمووی میتافۆڕن؟ هەڵبەتە ئێمە مەقەستێک لە نێوان پەیوەندی دڵ و عەقڵ نادەین و بڵێن هیچ پەیوەندییان پێکەوە نییە، نەخێر پەیوەندی نێوان پەنجەی دەستمان و مێشکمان هەیە، کاتێ کەسێک توورە دەبێت، لێدانی دڵی زیاد دەکات، جەستەی گەرمادێت، چاوەکانی زیاتر زەق دەبنەوە، سنگی بۆپێشەوە دەردەپەڕێت دەستەکانی دەکاتە مشتە کۆڵە، واتە ئەو هەڵچوونە بەجەستەیەوە دیار دەبێت و ئەگەر هیچ وتەیەکیش دەرنەبڕێ لەڕێی زمانی جەستەوە هەست بەتووڕەبوونی کەسەکە دەکرێت.




وێنەی ژمارە (٢)

د. محەمەد راتب النابلسی دەڵێ: ((ئەقل ئیدراک دەکا، دڵ خۆشەویستی دەکا، جەستە دەجوڵێ و خۆراکی عەقڵیش زانستە...))( النابلسی، یوتیوب) دەبینین وەزیفە بەشتەکان دراوە، دڵ خۆشەویستی دەکا، واتا پەیوەندییەک لەنێوان عەقڵ و دڵ دروست دەکات.لەم بارەیەوە (ڕۆلین


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ماکاراتی) دەڵێ: ((شاعیران لەسەر حەقن دڵ ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لە سۆزداریدا توێژینەوەکانیش وایان سەلماندووە))( www.yautub.com).




وێنەی ژمارە (٣)(١٦ ئینج=٣٠سم)

ئەمەش شتێکی یەک لاکەرەوە نییە، تەنانەت لەنێو پزشکەکانیش دا، بۆنموونە پرۆفیسۆر مەجدی یەعقوب لەم بارەیەوە دەڵێ: ((من شکم لەو نەزەرییە هەیە، چونکە دڵ ناتوانێ تەولیدی بیرۆکە بکات، زاکیرەی نییەو تەنها تروپایەکە))( هل قلب مضخة الدم او شي اخرwww.yautub.com ). ئەمەش وامان لێدەکات لەنێوان بۆچوونی دوو پزیشک دەستە پاچە بوەستین. کەچی توێژینەوەش لەم بارەیەوە هەیە(کلیس سیفیە) بیست ساڵ بەر لەئێستا دڵیان بۆگۆڕی، واتە دوای ساڵانی ١٩٩٠ کە خەڵکی ئەمریکا بوو خۆی دەڵێ: پاش ماوەیەک گۆڕانکاری لەتەبیعەتم ڕووی دا، پێشتر حەزم لە بیبەری سەوز بوو وای لێهات حەزی لێنەکەم، حەزم کەوتە سەر خواردنی مریشک ئەوکەسەی دڵەکەیان لێوەرگرتبوو حەزی لەخواردنی مریشک بوو, دوای ماوەیەک خەونم بەگەنجێک بینی ئەو کەسە بوو، کە پێشتر خاوەن دڵەکە خۆشی ویستبوو...واتە کەسایەتی و بیرکردنەوەی ئەو هاتە نێو ژیانم، زانایان باوەڕیان وایە کە دڵ چوار هەزار خانەی تێدایەو ئەم خانانە لەگەڵ مێشک لەپەیوەندی دان...( www.yautub.com هل قلب مضخة الدم او شي اخر) بەسەرهاتی زۆر لەم بارەیەوە هەیە کەسێک حەزی لەمۆسیقا نەبووە دوای گۆڕینی دڵی ئارەزووی کەوتۆتە سەر ئەو جۆرە مۆسیقایەی کە خاوەن دڵەکە هەیبووە...

هەندێ زاناش کە باسی هەناو دەکەن بەمێشکی دووەمی دادەنێن و پەیوەندییەکی توندو تۆڵ لەنێوان هەناو و مێشک دروست دەکەن. مێشک و گەدە هەمان گوێزەرەوەی دەماری بەکار دەهێنن ڕێژەی (سیرۆتۆمین)لەمێشک دایەو سیتەمی بەرگری ڕێکدەخات, لە خانەکانی هەناویش ئەومادەیە دەچێتە نێو خوێن، ئەو مادەیە لە گۆنترۆڵکردنی هەستەکان ڕۆڵ دەبینێ و پەیوەندی نێو لەش و مێشک ڕێکدەخات. خەونەکانیشمان لە ژێر کاریگەری ئەو مادانە دایە، کۆئەندامی دەماری هەناو پەیوەندی بەمێشکەوە دروست دەکات.(مامۆستا زیۆن) کاریگەری دەرزی ئاژنین لەدەوری ناوک بەشتێکی گرنگ دادەنێ، چونکە وێلاش ناوەندی پەرە سەندنە، تەنانەت دوای بڕینیشی بۆ هەماهەنگی ئەندامەکانی جەستە زۆر گرنگە. ڕاهێنانی زیاتر لەسەر پێنج هەزار کەس کردووە، ئەندامەکانی لەش ڕاستەوخۆ گرێداون بە حاڵەتی ڕۆحی و سۆزدارییەوە، کەواتە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەناو مێشکدا هەیە بەتایبەتی نەخۆشی خەمۆکی.( تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، ٢٠١٥/١/٣.) هەڵبەتە مێشک بەتەنها کارناکات، بەڵکو هەموو جەستەی مرۆڤ پەیوەندی بەیەکەوە هەیە و خوێن بەنێو هەموو لەش دا دەسوورێ.

زۆر جار دەبیستین دەڵێن بە دڵ بیرمەکەوە بەعەقڵ بیربکەوە، یان بەعەقڵ بیر بکەوە و بڕیاری دروست بدە، زۆر کەس پێیان وایە بڕیاری زوو و لەناکاو لەئەنجامی هەڵچوونێک ئەوە بڕیاری دڵە، زۆر بیرکردنەوە بڕیار دان ئەوە بە بڕیاری عەقڵی دادەنێن، پێشیان وایە بڕیاری عەقڵ باشترە، ئێمە پێمان وایە مەسەلەی بڕیاردان هەر پەیوەندی بەخودی عەقڵەوە هەیە، بەڵام کە زوو بڕیارنادەی لەسەر شتێک و بیری لێدەکەیتەوەو لایەنی باشەو خراپەی هەڵدەسەنگێنی ئەوا بڕیارەکەت باشترە، هەرچەندە جاری وا هەیە حەفتەیەکیش بیر لە شتێک دەکەیتەوەو لە بەردەم ئەگەری هاتوونەهات و دڵەڕاوکێدا دەبیت, کەچی دوای بڕیاردانیش هەست دەکەی لە بڕیاردانەکەت سەرکەوتوو نەبووی.

ئێستا نەشتەرگەری دڵ دەکرێ و دڵی کەسێک بۆ کەسێکی تردەگوازرێتەوە، یا دڵی مرۆڤێک دەگۆڕێت، کە کێشەی هەبێ دڵی پلاستیکی بۆدادەنێن، ئەو دڵەش وەک ترومپایەک خوێنەکە بەجەستەی مرۆڤدا دەسوورێنێ و لایەنی هەست و شعورو هزری مرۆڤەکەش دەمێنێ و دڵداری دەکات و بیردەکاتەوە، کەواتە ئەو پەیوەندییەی لە نێوان دڵ و عەقڵ داهەیە ئەوەیە کە هەست بەترپەکانی دڵ دەکرێت لەساتە خۆش و ناخۆشەکان و لەکاتی بیرکردنەوەو وروژان دا، بەڵام لەبەرئەوەی قسەکردن لەبارەی ئەم بابەتە هێندە قوڵ ڕۆچۆتە ناخی کلتوورو ئاینەکانیشەوە، تێکەڵی هەست و نەستی مرۆڤ بووە. تەنانەت ئێستا بیرلەوە کراوەتەوە کەوا سەری مرۆڤێک ببڕدرێت و بەلاشەی مرۆڤێکی تر بلکێندرێت, ئەم تاقی کردنەوەیە لەسەر مشک ئەنجام دراوەو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە, بزیشکێکی ئیتالی بەناوی( سیرجیو کانافیرو) دەیەوێ لە ئەمریکا ئەم نەشتەرگەرییە ئەنجام بدات, کە سی و شەش دەمژمێر دەخایێنێت و بۆماوەی دوو سەعات سەرە بڕدراوەکە لە سەلاجە دادەنرێت. ئەو کەسەی ئامادەی ئەوەیە سەری لێبکرێتەوەو بەجەستەیەکی تر بلکێندرێت ناوی(فالیری سبیردونوف)ە,( www.google.iq =عملیە+نقل+رئس) بەسەرکەوتنی ئەم نەشتەرگەرییە هەزارەها پرسیار لەلای خەڵک دروست دەبێت!ئەوکات دەبێ بزانین پەیوەندی نێوان جەستەو سەر چییە؟



وێنەی ژمارە(٤)وێنەی(د.سیرجیو کانافیرو)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زۆربەی ئەندامەکانی مرۆڤ دووانەن لەوانە: (دوو قاچ، دوو دەست، دوو چاو، دوو کوێ، دوو کونە لووت، دوو گوون، دوو هێلکەدان لەمێینەدا، دوو گورچیلە، دوو دانە سی)، بە لە ناوچوونی هەموو ئەم دوو چووتەئەندامانە مرۆڤ نامرێت تەنها لە بە لەناو چوونی هەردوو سی و هەردوو گورچیلە مرۆڤ دەمرێت، مرۆڤ یەک دڵی هەیە، کە خوێن و خۆراکی تواوەو ئۆکسجین بۆ سەرجەم ئەندامەکان دەبات، خۆراک و ئوکسجین دەگەێنێتە مێشک، هەموو ئیعازەکانی جەستە لە ڕێی هەستەوەرەکانەوە بۆ مێشک دەچن، کەواتە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو لەجەستەیەکدا کۆبوونەتەوە، بەڵام هەریەک لەم ئەندامانەش کاری خۆی هەیە، چاو هۆکاری بینینە، عەقڵ بیرکرنەوەو یادگە، دڵ ترومیای خوێن. هەرچەندە لەحاڵەتی وروژاندنی جەستە و حاڵەتی دەروونی مرۆڤ چەندان ئەنزیم دەڕژێن، کە جەستەی مرۆڤ چەندان جۆری غودە هەیە، کە هەریەکەیان بەرپرسیاریەتی شتێکن، کار لە جۆری بیرکرنەوەو حاڵەتی هەڵچوونەکانمان دەکەن. هەڵبەتە بەپێی دەقی ئاینی (حەوا)لەپەراسووی چەپی (ئادەم)ەوە دروست کراوە، بۆچی لەپەراسووری ڕاستەوە نەبووە، هەندێ کەس بۆئەوی دەگەڕێننەوە، دەڵێن چونکە لای چەپی مرۆڤ شوێنی دڵە بۆ پیرۆزی و بەخشینی مەزنی ئەم لایە وەرگیراوە، هەرچەندە لە ڕووی زانستییەوە دڵ دەکەوێتە ناوەڕاستی سنگ و کەمێک بۆلای چەپ لار بۆتەوە, بۆیە لە لای چەپەوە زیاتر هەست بەلێدانی ترپەکانی دڵ دەکرێ. هەندێ کەسیش دڵیان کەوتۆتە لای ڕاستی سینگەوە. لەئەنجامی ئەم لێکدانەوەوانە دەگەینە ئەوەی کە هەندێ زانا دەڵێن دڵیش وەکو مێشک خانەی تێدایە، هەندێکی تریش دەڵێن دڵ پەیوەندی بەبیر کردنەوە نییە، ئێمە لایەنی خۆمان زیاتر بۆ عەڵ دەبەینەوە، بەڵام مێشکی مرۆڤیش لەئەندامەکانی جەستە دانەبڕاوە، بەتایبەتی دڵ کە مەڵبەندی گواستنەوەی خوێن و خۆراکی تواوەو ئۆکسجین و هۆڕمۆناتە...بۆیە ئەو پەیوەندییە زیاترو ورتر بابەتێکی زانستی دەتوانێ یەکلای بکاتەوەو توێژینەوەی زانستی وردتری لەبارەوە ئەنجام بدرێ، هەڵبەتە ڕوانینی فەلسەفی بۆ دڵ جیاوازە لەڕوانینی زانستی، هەڵبەتە هێشتا مەسەکە کراوەیە، ئەوەی ئێمە لێی دەیوێن لایەنی ململانێی دەروونییە، بەڵام خودی دەقەکە لەسەر ئەم بونیاتە بنیاتنراوە بۆیە بەباشمان زانی کەمێک تاوتوێی ئەم بیرۆکانەش بکەین.

٣- ڕاڤەی دەقی (شاری دڵ):

١- من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە، کەچی
عەقڵ ئەڵێ نا، قەسەبەی شۆڕشی مەستانە، نەچی
٢- من دەڵێم نوختەیی ئەو ڕەوزەیی ڕیزوانە، دەچم
ئەو دەڵێ نا، ڕەشە، جێ ڕاوگەیی شەیتانە، نەچی
٣- من دەڵێم مەسکەن و ئارامگەیی جانانە، دەچم
ئەو دەڵێ سەربەسەری تێک چووە، وێرانە، نەچی
٤- من دەڵێم جێگەیی هەر شێت و جنوونانە، دەچم
ئەو دەڵێ نا، زەدەیی پەنجەیی پەریانە، نەچی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٥- من دەڵێم مەرکەزی ئەسراری حەریفانە، دەچم
ئەو دەڵێ جێ تەمەعی چاوی حەسوودانە، نەچی
٦- من دەڵێم وەختی خەتەر مەئمەن و قەڵغانە، دەچم
ئەو دەڵێ کون کونە، جێگەی سەرە پەیکانە، نەچی
٧- لەو هەموو چوون و نەچوونە سەری سوڕما "کامیل"
من دەڵێم جوانە بچم، ئەو دەڵێ وا جوانە، نەچی (زەنبیلی,٢٠١٣: ٢٣٦)

**أ- ناونیشانی شیعرەکە:**

ناونیشان دەروازەی دەقە ئەدەبییەکانە, دەلاقەیەکە لەوێوە دەڕوانیتە دیوی ناوەوەی دەقەکە, ((ناونیشان وەک بەردەرگای ماڵە, کە دیوی دەرەوەی دەبەستێتەوە بەناوەوە, ئامادەکارییە بۆچوونە ناووەوە))( العدوانی، ٢٠٠٢: ٧) بەزۆر شێوە تەعبیر لەناونیشان کراوە, وەک گوتراوە, ((ناونیشان وەک سەرە بۆجەستە))( حمداوی ، ١٩٩٧: ١١) ئەمەش گرنگی ناونیشان پیشاندەدات, ناونیشان دەبێتە چەترێک و بیرۆکەکانی لەژێر کۆدەبنەوە.

ناونیشانی شیعرەکەی (سەید کامل) لە دوو وشەی سێ بڕگەیی پێکهاتووە. یەکەمیان (شار)ە، کە نادیارە و پێناسەکەی ئاشکرایە، وشەکە هەم خەڵک و هەم پێکهاتەکەی دەگرێتەوە. وشەی دووەم (دڵ)ە، کە ئەویش هەر نادیارە، بەڵام ئاماژەیە بۆ ئۆرگانێکی زیندووی جەستەی مرۆڤ و زۆر بوونەوەری دیکە. واتە ناونیشانەکە (بێگیان+گیاندار). ناونیشانەکە هەرچەندە میوزیکی شیعری شاراوەی تێدایە، بەڵام بۆنی نوێکاری لێنایەت، چونکە لە ئەدەبی کوردیدا ئەم نەزمە ناونیشانە لەبەرچاوی خوێنەر نامۆ نییە، وەک: ئاسمانی دڵ، دەریای دڵ، بەهەشتی دڵ، تەندووری دڵ، باغی دڵ، خونچەی دڵ...ئەوەی کە نەختێ سەرنج ڕاکێشە، داڕشتنێکی باشە بۆبیرکردنەوە لە پەیوەندی ئەم دوو وشەیە، هاوسەنگی لاتایەکان (ناونیشان و دەق)زۆر گرنگە لە ڕووی تەواوکردنی یەکتر لە ناوەرۆکدا و لە ڕووی نمایش کردنەوەی دیوی ناوەوەو دیوی دەرەوەدا. لێرەدا هەر بە خوێندنەوەی ناونیشانەکە تێدەگەین، کە شاعیر بێ لایەن نییە لەنێوان (دڵ و عەقڵ)، ئەو پتر مەیل و موحیبەتی بۆلای (دڵ ) چووە، ئەگەر وا نەبوایە دەیگوت: (شاری عەقڵ)، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو (شار)ێکی بێ سنووری بەخشیوە بەم دڵەی کە هەر بەقەدەر هەرمێیەک دەبێ.

لەم حەوت بەیتەدا، شاعیر لەسەرەتای شەش بەیتی یەکەمدا، ڕاناوی قسەکەری تاکی بەکار هێناوە، کە (من)ە.من لێرەدا تەنها دوو حەرف نییە، مەوداو بازنەکەی وەک لەدەقەکەدا بەدیار دەکەوێ، زۆر فراوانترە، لەمانا فەرهەنگییەکەی. (شاری دڵ) زۆر جار لە شیعری کوردیدا، بەتایبەتی لای شاعیرانی کلاسیک، سەرەتای نیوەدێری یەکەمیان کردووە بە ناونیشان، ئەم شیعرە ململانەیەکی خودییە لەنێو دەروونی شاعیر، دواتر بە ململانێی دڵ و عەقڵ ناوبراوە، ناونیشانیش دەبێ ڕەنگدانەوەی ناوەوەی شیعرەکەبێ، هەڵبەتە زۆربەی ململانێ دەروونییەکانی لەڕێی دڵەوە دەربڕیوە و تاکۆتایی شیعرەکە لەنێوان چوون و نەچووندا بەکراوەیی ماوەتەوە،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەگەر چی شاعیر خۆی ڕادەستی عەقڵیش نەکردووە. هەڵبەتە ناوی دیوانەکەش (دیوانی ئاوات)ەو لە تەکەیەوە نووسراوە -شاری دڵ- وە لەبەرگی پشتەوەی کتێبەکەش دیری یەکەمی شیعری (شاری دڵ) نووسراوەتەوە, ئەمەش لەبەر گرنگی و بەرچاوی ئەم شیعرە ئەو ناوەی لێنراوە، واتە ناونیشانی ئەم شیعرە هاتۆتە سەربەرگەکەو بووە بەنازنامەی شاعیر.شاعیر جگە لەم شیعرە, دوو شیعری دیکەی هەیە کە بەشار دەست پێدەکەن, لەوانە: (شاری موحەببەت, شاری مەستان), سەربارەت بە(دڵ)یش, ئەوا جگە لەو شیعرە, نۆ شیعری دیکەی هەیە, کەناونیشانەکەیان بە(دڵ) دەست پێدەکەن, ئەوانەن: (زمانی دڵ, دەواری دڵی زارم, حەسرەتی دڵ, دەروێشم و دڵ ڕێشم, شووشەی دڵ, دەردی دڵ, سۆزی دڵ, مەنجەڵی دڵ, دڵی مەفتوون)

**ب-فەزای دەروونی شاعیر لەم  شیعرەدا:**

ئەم شیعرە ململانێیەکی دەروونییە شاعیر لەگەڵ خودی خۆی مەنەلۆگ دەکات، لەتەوای شیعرەکە(٧)جار ڕاناوی کەسی یەکەمی سەربەخۆی(من)ی بەکار هێناوە، (١٤)جاریش جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاکی (م)بەکار هێناوە، واتا لە ئاستی شیعرەکە، (٢١)جار دەچێتەوە ناخی خۆیی و خۆی دەدوێنێت و تاوتوێی ئەم چوون و نەچوونە دەکات. لەم حەوت دێرە شەش دێریان باس لەجێگا دەکا، کە وەسفی خراپی شوێنەکان دەخرێتە ڕوو، بەڵام هەرجارەو بەشێوەیەک دەری دەبڕێت, کە ماناکەی وەک شوێنگرەوەو دەسپێکێکی نوێ پیشاندەدرێ، لە وانە: (شار، قەسەبە، نووختەیی، مەسکەن، جێگەی، مەرکەز)، لەبەر ئەوەی شیعرەکە لەسەر بنەمای چوون و نەچوون بنیات نراوە، بۆیە پەیوەست کراوەتەوە بە شوێن.

**ج-لێکدانەوەی دێرە شیعرەکان:**

دێری یەکەم:

من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە، کەچی

عەقڵ ئەڵێ نا، قەسەبەی شۆڕشی مەستانە، نەچی (زەنبیلی,٢٠١٣: ٢٣٦)

من چونکە قسەکەرە شاعیرەکەیە، ئەوا مرۆڤێکی ڕیش ماش و برنجی هەست ناسکی خەیاڵ فراوان و خەون گەورە لەخۆ دەگرێ، شاعیر لە خودی خۆی بووە بە دوو کەس, وەک ئەوەی کەسی یەکەم بڵێ ئەم کارە بکە، هی دووەم بڵێ مەیکە، تۆش لەو نێوەندە لەسەرسامی و دڵەڕاوکێ دابیت. منی شاعیر منێکی بەگومانە و لە سەرووی خۆیەوە باس لە منێکی دیکە دەکات کە وشیارە و سەر بەفیکر و عەقڵانیەتەو ئەو پێی دەڵێ ئەم شوێنەی کە دەتەوێ بۆی بچی شوێنی سەرمەست و ئاژاوەچییانە،  لە هەمان کاتیشدا تەسلیمی ئیرادەی ئەو نابێت. شۆڕش وشەیەکی فارسییە واتای شۆڕش و بەواتای پیس و ئاژاوە چی دێت. واتە شاعیر لە نێوان هێزی موکناتیسی دڵ و عەقڵ دایە، کە هەر یەکەیان دەیەوێ بۆلای خۆی ڕاییکێشی، ئەگەر چی ویستەکانی دڵ خۆشترو سەرنج ڕاکێش ترن، بەڵام شاعیر بە گومانە لەم جۆرە چوونە. لێرەدا دڵ شارە رازاوەکەیە, بەڵام عەقڵ دەڵێ فریومەخۆ. دکتۆر (گریگۆری فریکجۆین Dr. Gregory Fricchione)، یاریدەدەری پیرۆفیسۆر لە بەشی دەروونناسی لە سکولی پزیشکی هارڤەرد (Harvard Medical School) و سەرۆکی کۆمەڵەی دەروونناسیی لە


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

نەخۆشخانەی گشتی (Massachusetts)، لە کتێبی (پێوەندی دڵ و مێشک(The Heart-Mind Connection) دا دەڵێ:(( لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە هەست و سۆزی نەرێنی، دەکرێ کاریگەری خراپی لەسەر نەخۆشییەکانی دڵ هەبێت.  پێوەندییەکە دوو سەرەیە: تێکچوونی باریی دەروونی وەک، گیرۆدە بوون بە خەمۆکی، نیگەرانیی، تۆڕەیی، شەڕفرۆشی، یەکرێ ئیش و کاری دڵ دەشێوێنێ. ئەزموونەکان، لە وانەی توشیی نەخۆشی دڵ بوون، پێمان دەڵێن کە  نەخۆشییەکانی دڵ وا لەنەخۆش دەکەن، تووشی ڕاڕایی و نیگەرانی بێت، ئەمەیش ئیش و کاری مێشک دەشێوێنێ و تووشی باری دەروونی نەرێنی دەکات. بە کورتی دڵ، مێشک قورمیشدەکات و مێشکیش، دڵ قورمیشدەکان. بە مەش دەگوتری ( کارلێککردنی دووسەرەی ڕاستەوخۆ  (Bidirectional Interaction) (http://www.fountainmagazine

دێری دووەم:

من دەڵێم نوختەیی ئەو ڕەوزەیی ڕیزوانە، دەچم

ئەو دەڵێ نا، ڕەشە، جێ ڕاوگەیی شەیتانە، نەچی (زەنبیلی,٢٠١٣: ٢٣٦)

لێرەدا بەزمانی (دڵ) قسەدەکات، چەنکە دەقەکە، شەڕ و پێکدادانە لە نێوان (دڵ و عەقڵ)، کەواتە بۆتە زمانحاڵی دڵ. منی یەکەم دیسان داوای چوون لە شاعیر دەکا، چونکە ئەم شوێنە باغی بەهەشتە، کەچی (ئەو) منی دووەم پێی دەڵێ: جێی شەیتانە نەچی، منی یەکەم منێکی عاتیفی و ساویلکە پیشاندەدرێ, بەڵام منی دووەم, منێکە سەر بەجیهانی (عەقڵ)ە. لە ڕەهەندێکی کلتووری و ئاینیشەوە دڵ و نەفس پیس دەبن، شەیتان زەفەر بەدڵ دەبات، بۆیە ئەو شتەی کە دڵ داوای دەکات دەبێ بەمەزەندەی عەقڵ حیسابی بۆبکرێ، چونکە دڵ نەخۆشی تێدایە، لەقورئان واهاتووە: (فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ)(سورة البقرة ١٠)

دێری سێیەم:

من دەڵێم مەسکەن و ئارامگەیی جانانە، دەچم

ئەو دەڵێ سەربەسەری تێک چووە، وێرانە، نەچی (زەنبیلی,٢٠١٣: ٢٣٦)

شاعیر زۆر هەوڵی داوە کە (دڵ-خۆی)ڕازی بکات کە دەبێ لەو شەڕەدا، هەر (خۆیان) سەرکەوتووبن، ئەمەش بە دوو دەلیل: أ-هەموو خەسڵەتە جوانەکانی بە (دڵ)بەخشیوە.ب- لەدوا دێردا دەڵێ:((من دەڵێم جوانە بچم))، واتە بڕیارەکەی بەسەرکەوتوو داناوە، دەنا بۆ لەسەرەتای دێرەکە ناڵێ: ((ئەو دەڵێ واجوانە نەچم))؟ جارێکی تر شاعیر شۆڕدەبێتەوە نێو خودی خۆی، لەبارێکی نیگەرانی دایە منی شاعیر پێی باشە بچێت، چونکە شوێنی خۆشەویستانە، بەڵام ئەو کە منێکی ترە لەسەرووی ئەو منەی شاعیر پێی دەڵێ ئەم شوێنە تێکچووە و وێرانە نەچی، هەڵبەتە ((ئەودەمە نیگەرانی دروست دەبێ کە نووسەر گرفتی لەگەڵ واقعی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی دا هەبێ))( gekon.infowww.den) جا نیگەرانییەکەی شاعیر نادیارە، چونکە نازانین هۆکاری نیگەرانییەکەی چییە، ئەم چوون و نەچوونەش شەرت نییە چوون و نەچوونێکی ئاسایی بێ، کە مەبەستی شاعیر بەپێ ڕۆیشتن بۆ شوێنێک بێ، بەڵکو بارێکی دەروونی شاعیرە لە بڕیاردان و بڕیار نەدانە لەسەر شتێک.


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

دێری چوارەم:

من دەڵێم جێگەیی هەر شێت و جنوونانە، دەچم

ئەو دەڵێ نا، زەدەیی پەنجەیی پەریانە، نەچی (زەنبیلی,٢٠١٣: ٢٣٦)

لەم دێرە دا بیرو بۆچوونەکان ئاوەژوو کراونەتەوە، چونکە من دەڵێ جێگای شێتانە دەچم، کەچی ئەو دەڵێ جێ پەنجەی پەرییانە نەچی، هەڵبەتە جێ پەنجەی پەری: مانای ئەوەیە ئەم شوێنە خەتەریاتی لەسەر نییە، کەچی ئەو منەکەی دووەمی دەروونی شاعیر ڕێ نادا بچێ. واتە منێکی عینادە بڕیارەکانی هەمووی قەتعییە و هەرگیز دنەی نادات بچێت، ئەگەر شوێنەکە خۆشیش بێ، هەر چەندە ئەم جارەیان من پێی دەڵێ جێگای شێتانە دەچم، بەڵام عەقڵ پێی دەڵێ جێگای پەنجەی پەرییانە، کەچی پێی دەڵێ نەچی باشترە.

دێری پێنجەم:

من دەڵێم مەرکەزی ئەسراری حەریفانە، دەچم

ئەو دەڵێ جێ تەمەعی چاوی حەسوودانە، نەچی (زەنبیلی,٢٠١٣: ٢٣٦)

پرسی شاعیر بە ئاشکرا دیارە، ئەو بە دوای کونجی نهێنییەکاندا دەگەڕێ، پرسیارەکە ئەوەیە دەبێ کامیان خاڵی یەقین بن، دڵ یان عەقڵ، مەیلی شاعیر زیاتر بۆباغی دڵە. منی شاعیر دەڵێ شوێنی نهێنی خۆشەویستانە دەچم، کەچی (ئەو) پەشیمانی دەکاتەوە لەم چوونە، واتە شاعیر لە ململانێیەکی دەروونی دایە، ململانێیەکە بەشێوەیەکە، تای تەرازووەکە هەرجارەو بۆلایەک لاسەنگ دەبێتەوە، لایەکەی تر پارسەنگی دەکاتەوە، واتە لە نێوان(من و ئەو)کە هەمیشە دەبنە پارسەنگی یەکتری.

دێری شەشەم:

من دەڵێم وەختی خەتەر مەئمەن و قەڵغانە، دەچم

ئەو دەڵێ کون کونە، جێگەی سەرە پەیکانە، نەچی (زەنبیلی,٢٠١٣: ٢٣٦)

خەتەر لەچی؟ ئەمەش تارمایی ناڕەحەتی و ترس و نیگەرانی شاعیر پیشان دەدا، ئاخۆ دەبێ خودی ژیان بە خەتەر دانابێ؟یان (عەقڵ)ەکەی پێ خەتەرناکەو نایەوێ خۆی ڕادەستی بکات. دوور نییە نهێنی تایبەت بە شاعیریش هەبێ ئێمە نەیزانین، بۆیە دەبێ بپرسینەوە خەتەر لەچی؟ منی شاعیر دەڵێ لە کاتی ناخۆشی و خەتەریاتیش دا شوێنی ئارامەو پارێزراوە، کەچی ئەو دەڵێ خەتەرەو پارێزراو نییەو نەچی، شاعیر لەبارێکی دەروونی دایە، بەرامبەر بە چوون و نە چوون، بەرامبەر ئا و نا، ڕەنگە چونەکە پەیوەندی بەقەرارێکەوە هەبێ، ئیتر مرۆڤ لەوکاتانەدا زۆر دەشڵەژێ و پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە، لەبەردەم چوون و نەچوون، کردن و نەکردن، بڕیاردان و بڕیارنەدان، کەچی ماوەیەک هەر بیری لێدەکاتەوە و ناخی خۆی دەخواتەوە، بەڵام ئەوەتا لەدوادێریش دا خۆی یەکلا نەکردۆتەوە, ئایا بچێت یان نەچێت. ) داود میووکی ( David Muecke دەڵێ:(( هەر چوار ئیقلیم بگەڕێی، ئەوەی تۆ بەدواد وێڵ و عەودالی، لە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سینەی خۆت دایە، هەر لەوێندەریش گوێیمان لە بانگ و سەدای دڵ و مێشک (هزر) دەبێ.
چونکە ئەوان لە قەفەزی جەستەدان.))( ttp://www.goodreads.com)
دێری حەوتەم:
لەو هەموو چوون و نەچوونە سەری سوڕما "کامیل"
من دەڵێم جوانە بچم، ئەو دەڵێ وا جوانە، نەچی (زەنبیلی,٢٠١٣: ٢٣٦)
من- منی شاعیر/ ئەو- ئەقڵی شاعیر/ دڵ- دڵی شاعیر. وشەی سەرسوڕمان نەختێ هەڵوەستەی دەوێ، شەڕی نێوان(دڵ و عەقڵ) یەکجار قورس دەبێ، بۆیە شاعیر دەیەوێ بڕیاری خۆی بدات و واژوو لەسەر بڕیارنامەی شیعرەکە بدات، کەدەڵێ: ((من دەڵێم جوانە بچم)). هەرچەندە لەدیرەکانی سەرەتا چونە بۆناو شاری دڵ, بەڵام دواتر رەهەندی فراوانتر لەخۆی دەگرێ, چونو نەچوونەکە فراوانتر دەبێتەوە, دڵیش قسەی خۆی دەبێ. دەتوانین بڵێن بۆخوێنەر دەقەکە دەقێکی والایەو کراوەیە, ئەگەر چی لەنێو کۆمەڵگا و دەقە ئاینییەکانیش بڕیاری عەقڵ باشترە لەبڕیاری دڵ، کەچی شاعیر لەدوا دێریشدا قەناعەتی بەبڕیاری عەقڵ نەهێناوە.
کۆتایی شیعرەکە بەکراوەیی دەمێنێتەوە، واتا ئەو هەموو ململانێ دەروونییە، کە لە نێوان چون و نەچوون دایە، یەکلانەبۆتەوە، ئایە بچێ یان نا، ((ململانێی دەروونی بریتییە لەو حاڵەتەی کە مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دوو پاڵە پەستۆ و فشار، کەتاکو ئەو چرکە ساتەی کە بڕیار لە هەڵبژاردنی دانەیەکیان دەدات، دەکەوێتە ململانێی دەروونی و لەبارێکی سایکۆیی ئاڵۆزدا دەژی))( derunhasy.com) شاعیر دوابڕیاری نەداوە، یاخوت خۆی یەکلا نەکردۆتەوە، بۆیە بارە دەروونییەکە بەسەر دەقەکەوە ماوە. ئەم شیعرە لەساڵی ١٣٤٦ هەتاوی نووسراوە، واتا ساڵی ١٩٦٧ زاینی، ساڵی لەدیک بوون و مردنی شاعیر(١٩٠٣-١٩٨٩)، واتا شاعیر ئەوکات تەمەنی ٦٤ ساڵ بووە، دەتوانین بەدیوێکی تر لێکی بدەینەوە، هەڵبەتە ئەو شتانەی کە پەیوەست دەکرێن بە (دڵ)، شتەکانی ژیان و نەفس و غەریزەی جنسی و...دەگرێتەوە، کە دڵ پێتدەڵێ ئەم شتانە ئەنجامبدە, شاعیر هەوڵی داوە بەسەر نەفسی خۆی زاڵ بێت، چونکە (ئەو)کە کەسی دووەمە لەدەروونی شاعیرو پەیوەست کراوەتەوە بەعەقڵ, واتا منێکە لەسەرو منە ئاساییەکە, چونکە منە ئاساییەکە مەیل بۆلایەنی دڵ دەکات و هەندێ جاریش خودی دڵەکەیە, کەچی منی دووەم خودی عەقڵەو بەهیچ شێوەک مەیل بۆ لایەنی دڵ ناکات، یان دیوەکەی تری شاعیرە، کە هەمیشە پێی وتووە نەچی، کەچی لەکۆتایشدا خۆی یەکلانەکردۆتەوەو لەو ناوەندە ماوەتەوە. واتە لەکۆتاییدا نەگەیشتۆتە ئەنجامێک بێلێت ناچم، بەڵکو خۆی لەو دڵەڕاوکێیە ڕزگار نەکردووە.
لە ئینجیل دا دڵ یەکێکە لەو شتانەی زۆر ناوی هاتووە کە(٨٧٦)جار پاتە بۆتەوە(http://kheyme.net)
بۆنموونە لە ئینجیل (متی ١٢: ٣٣- ٣٥ ) واهاتووە:
((اَلإِنْسَانُ الصَّالِحُ مِنَ الْكَنْزِ الصَّالِحِ فِي الْقَلْبِ يُخْرِجُ الصَّالِحَاتِ، وَالإِنْسَانُ الشِّرِّيرُ مِنَ الْكَنْزِ الشِّرِّيرِ يُخْرِجُ الشُّرُورَ)) واتا:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(مرۆڤی باش لە کەنزی باشەو جاکەش لە دڵیەوە دەردەچێت، مرۆڤی خراپ پێکهاتەیەکی خراپەو خراپە لە دڵیەوە بەرهەم دێت)

لەقورئان دا (١٥٧)جار ناوی (دڵ) هاتووە، (٥٣) جار بە (قلب)واتا بەموفرەد، (١٠٤) جاریش بەجەمع واتە بە(قلوب).لەم ئایەتەدا واهاتووە:"يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ * إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ"(الشعراو ٨٩) واتە(ماڵ و منداڵ بەکەڵکت نایەن، تەنها ئەوکەسەی کەخودا دلێکی ساغی دابیتێ...).ناو هێنانی ئەو هەموو جارەی دڵ پەیوەست کردنی بەزۆر شتەوە، زۆر جار باسی ئەوەکراوە کە دڵ پیس دەبێ، دڵ مەرکەزی پیسییە، شوێنی غەریزە و شەهوانییەتە...ئەمانە هەمووی لەکۆنەستی (سەید کامیل)جێگیر بووین، بۆیە لەو ململانێیە دەروونییە دایە، لەهەمان کاتیش دەست بەرداری دڵی نابێ, چونکە دڵ غەرزەکانی مرۆڤ تێر دەکات. لەم دەقەدا هوونەری شیعری (دووبارە بوونەوەو گەڕانەوە)زۆر بەچڕی حزووری هەیە، ئەمیش بەشێوەی (سێ)گەڕانەوە:(سەرەتا، ناوەند، کۆتا).

| | | |
|---|---|---|
| سەرەتا | من دەڵێم | ٧ جار |
| ناوەند | دەچم | ٥ جار |
| کۆتا | نەچی | ٧ جار |

کۆی گشتی =١٩ جار، ئەمەش ئاواز و نەغمەو موزیکێکی خۆش بە دەقەکە داوە، باڵادەستی شاعیریش لە هونەری ڕەوانبێژی پیشاندەدات. بنیاتی داڕشتنی دەقەکە (مەنەلۆگێک)ە، کە شاعیر خۆی و خۆی دێتە گۆ، بەڵام لەم مەنەلۆگەشدا کەسێک هەیە هەمان زمانی شاعیرەکەیە، ئەوانیش (من سەر بەجیهانی دڵ)ە و (ئەو سەر بەجیهانی عەقڵ)ە، واهەست دەکات ئەم دەقە، (دیالۆگ)ە، لەنێوان دوو کەس، بەڵام ئاخاوتنی دوو کەسە بەزمانی یەک شاعیر. بڕوانە هێڵکاری ململانێی عەقڵ و دڵ:





e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وێنەی ژمارە(٥)

**٤-دەربڕی گوتەی (بڕۆم و نەڕۆم) لە نێو شیعری کوردی و فارسی دا:**

شیعری (شاری دڵ)ی سەید کامیل لە کلتووری هاوبەشی کورد و فارس بەرهەم هێندراوە, بەهۆی بوونی مێژوویێکی هاوبەش لە نێوان میللەتی کورد و فارس دا, کاریگەری کلتووری و رۆشنبیری نێوان هەردوو میللەتەکە, زۆر شتی هاوبەش لە ڕووی زمان و مێژوو و ئەدەب دەدۆزینەوە. بەپێویستی دەزانم کۆمەڵێ دەقی کوردی و فارسی بهێنینەوە, کە ململانێ دەروونییەکانیان لەڕێی گوتەی (بڕۆم و نەڕۆم)دەبڕیوەو لە نێو بڕیاری عەقڵ و دڵ ئیشیان کردووە.

هەڵبەتە, ئەم شیعرەی سەید کامیل, راستەوخۆ لەو شاعیرانەوە وەرنەگیراوە کەناویان دەهێنم و نموونەی شیعرەکانیان دەخەمە ڕوو, رەنگە شاعیرە فارسەکانیش لەشیعرەکەی (سەید کامیل)وەریاننەگرتبێ, بەڵام وەک بنەمایەکی شیعری ئەوجۆرە دەربڕینانە, لەنێو شیعری هەردوو زماندا هاتووەو تێکەڵی (کۆنەستی)شاعیرانی کورد و فارس بووە. ناوی (شار) لەناونیشانی شیعری کوردی و لە رۆمانیش هاتووە, وەک لە رۆمانی (شار)ی حوسێن عارف. لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی.

سوارەی ئیلخانی زادە لە شیعری (شار)دا دەڵێ:

گوڵم
دڵم پڕە لە دەردو کوڵ
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
ئەڵێم بەجامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عیلاجی کەم
کوڵی دڵی پڕم
لە دەردی ئینتیزارەکەت....( زادە، ٢٧٠٩ک: ل٢٣)

شاعیر ئاماژە بەوە دەکات, کە لەو شارە دەربچێت, لەگوتەی (ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت), واتا تەواو بڕیاری نەداوە, کە بڕوات یان نەڕوات, بەڵام کۆمەڵێ هۆکار دەدۆزێتەوە, بۆڕۆیشتن و دوورکەوتنەوە لەشار. بەلایەوە رۆیشتن لە شار بۆعیلاجی دڵ باشە. دەبینین ناونیشانەکەی شارە, مەسەلەی رۆیشتن و مانەوە(بچم و نەچم)لەناو شیعرەکە وجودی هەیە, هەرچەندە ئەو دەڵێ بڕۆم لەشارەکەت, بەڵام لە گوتەی (ئەڵێم بڕۆم), بارێکی دەروونی ناجێگر پیشان دەدات, ئەشێ بڕوات و ئەشێ نەڕوات و بمێنێتەوە, لەم شیعرەدا ململانێی دەروونی دەبینرێت.

لەتیف هەڵمەت دەڵێ:

من و خۆم
لەسەرمدا شەریانە وەک:
تاریکی و مۆم
خۆم و من


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەدڵدا دۆستن وەکو:

ئاوێنەو ژن (هەڵمەت, ٢٠١٤: ٨)

لەتیف هەڵمەت لە چەندان شیعر (من و خۆم)بەکار دەهێنێ و ململانێی دەروونی خۆی دەخاتە ڕوو, ئەوتا دەبینین, (من و خۆم)ی یەکەم, کە لە مەڵبەندی عەقڵن و لەسەردان, شەڕیانە, وەک تاریکی و مۆم. بەڵام (خۆم و من) لەدڵی دا دۆستن و بێکێشەن, لەم شیعرەشدا, دڵ زیاتر و زووتر مەیل دەدات بەشتەکان, بەڵام عەقڵ ئاڵۆزی پیشاندەدات. لەسەر ئاستی شیعرەکەش چوار ڕاناو دەبینرێ, (من و خۆم)ی سەر, (خۆم و من)ی دڵ.

(حافز)لەم دیرە شیعرەدا دەڵێ:

خرم آن روز کز این منزل ویران بروم

راحت جان طلبم و از پی جانان بروم...

https://ganjoor.net/hafez/ghazal/sh359

شاعیر دەڵێت: (( ئەورۆژە خۆشە کە ئەم شوێنە وێرانە جێ دەهێڵم, گیانم ئارام دەبێتەوەو ئازیزانیش جێ دێڵم)), ئەم شیعرەی (حافز) لە نۆ بەیت پێکهاتووە, باری دەروونی شاعیر پیشاندەدات, بەڵام تادوا دێری شیعرەکە, تەنها ڕۆیشتنە و دوورکەوتنەوەیە لەشوێنەکان. ئەم جۆرە ستایلە ئاراستەکەی دوورترە لەو مەبەستەی کەباسی دەکەین, بەڵام هەموو ڕۆیشتنەکان بەپێ نین, بەڵکو مەبەستی بڕیاردانیشە.

شاعیر (مجید مبلغ ناصری)  لە شیعری (بروم یا نروم)دەڵێ:



وێنەی ژمارە(٦) (مجید مبلغ ناصری)

توبه من گوی از اینجا بروم یا نروم

پای تاسر ز تمنا بروم یا نروم

آتش افتاده به غمخانه ی جانم اکنون

هستی و روی به دریا بروم یا نروم ؟

آدمم آدم جایز به خطا ،توبه شکن

توبفرمای خدایا بروم یا نروم


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

دایما کشمکش عقل ودل من این است

حرمِ میوه ی حوّا بروم یا نروم

ماندم ازشیطنت عقلم واز شورش دل

بهراین حل ّ معما بروم یا نروم

عشق یعنی که بمانم وسطِ شک ویقین

نیست معلوم که آیا بروم یا نروم

ندهم رشوه به دربان بهشت از خم ِ مِی

که درآنجا به تماشا بروم یا نروم

دوزخی را بخرم تابرسم برلب دوست

مُردم از برزخ دنیا ، بروم یا نروم!

نوبهارست ونبخشید زباغ رخ خویش

تابدانم که به صحرا بروم یا نروم

(http://shereno.com/profile.php?id=20129)

ئەو دەقەیان زۆر لەشیعرەکەی (سەید کامیل) نزیکەو بنەمای هاوبەشیان هەیە, ئەوەتا لەو نیوە دیرەدا دەڵێ :(( دایما کشمکش عقل ودل من این است))واتا: (دائیمەن کێشمەکێشمو گرفتی ئەقڵ و دڵ ئەوەیە,) لێرەدا ململانێی عەقڵ و دڵ دەخاتە ڕوو. وەک (سەید کامیل)یش, لەدوادیردا بڕیاری کۆتایی نادات, کەبڕوات یان نەڕوات.

محمد کدخدایی(عرفان) لەشیعری (بروم یا نروم!)دا دەڵێ:

خواهم از شهر پراز دغدغەتان من بروم

ماندەام،

دروست بگو

من بروم یا نروم! ( http://aysam.ir/بروم-یا-نروم )

ئەم دەقەشیان بنەمای فکری نزیکە لە شیعرەکەی (سەید کامیل), لەشیعرەکەی (سوارەی ئیلخانی زادە)ش نزیکترە, چونکە شاعیر شارێک دەکاتە مەنزڵگاو دەڵێت: پێم بڵێن بڕۆم یان نەڕۆم. کەواتە لەم شیعرەشدا مەسەلەی ڕۆیشتن و مانەوە, وەک بنەمای ململانێی دەروونی دەیلێتەوەو بڕیاری یەکلاکەرەوە نادات.

(محمد جواد شیرازی) لەساڵی ١٣٩٣بەرانبەر (زاینی ٢٠١٤)شیعرێکی نووسیووەو دەڵێ:

**مانده ام بین دو راهی بروم یا نروم ؟!**

**یک قدم رفتم و آهی ... بروم یا نروم ؟!**

**عقل می گفت : برو دیر شود اما عشق**

**تشنه ی نیم نگاهی ... بروم یا نروم ؟!**

**بعد از این جز حرمت جای دگر دل نرود**

**نیست غیر از تو پناهی ... بروم یا نروم ؟!**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سجده ی سوی حرم جان مرا سیر نکرد
در سرم فکر گناهی ... بروم یا نروم ؟!
من سگ صحن گوهرشاد توام آقا جان
چه بخواهی چه نخواهی ... بروم یا نروم ؟!
رمضان رفت ... حرم رفت ... من بیچاره
نه کسی و نه سپاهی ... بروم یا نروم ؟!
به عقب رفتن من فلسفه دارد به یقین
مانده ام بین دو راهی بروم یا نروم ؟ (http://kheyme.net )

لێرەش دا لە نێوان ڕۆیشتن و مانەوە, لەنێوان هەنگاونان و هەنگاونەنان, شاعیر موحەیەرماوە, نازانێ چی بکات و چۆن بڕیاربدات. دەبینین: عەقڵ پێی دەڵێ: بڕۆ, دڵیش پێی دەڵێ: مەڕۆ. لەکۆتایشدا, وەک (سەید کامیل ئیمام زەنبیلی) بڕیاری یەکلاکەرەوە نادات.

**ئەنجام:**

١- ململانێی دەروونی بارێکە تاک تووشی دەبێت لەبەردەم ئەگەری بوون و نەبوون چوون و نەچون ئەنجام دان و ئەنجام نەدان, جا تا تاک خۆی یەکلایی دەکاتەوە, لەبارێکی دەروونی ناجێگیر دەبێت.

٢- شیعرەکەی (کامیل شا) لەسەر بنەمای ململانێی عەقڵ و دڵ بنیاتنراوە, شاعیر وەک تاکێک لەکۆنەستی خۆی ئەوە چەسپاوە کە دڵ مەڵبەندی شەهوانیەتە و (عەقڵ)یش مەڵبەندی بیرکردنەوەیە,دەنگی دڵ دەنگێکی کپ و نادیارەو شاراوەیە, بەڵام ئیدیعا بۆخۆی دەکاو دەڵێ وەرە بەقسەی من بکە, بڕیاری (عەقڵ)یش پێچەوانەیە, کەچی شاعیر خۆشی یەکلایی نەکردۆتەوە، کەبچێت یان نا.

٣- شاعیر شۆڕبۆتەوە بۆناخی خۆی و خودی خۆی دەدوێنێ، لەتەوای شیعرەکە(٧)جار ڕاناوی کەسی یەکەمی سەربەخۆی(من)ی بەکار هێناوە، (١٤)جاریش جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاکی (م)بەکار هێناوە، واتە لە ئاستی شیعرەکە، (٢١)جار دەچێتەوە ناخی خۆیی و خۆی دەدوێتێت و تاوتوێی ئەم چوون و نەچوونە دەکات.

٤- کلتووری هاوبەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردو فارس, کاریگەری هەبووە لە چۆنیەتی دەربڕینی باری دەروونی و شێوازی (بچم و نەچم), کە لەزۆر شیعری کوردی و فارسی دا دەبینرێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ملخص البحث:

شعر(شارى دلّ-مدينة القلب)احد اشعار السيد كامل الامام الزنبيلي، مأخوذ من بعد النفسي، وصراع الشاعر مع ذاتهِ وسبب اختيار هذا الموضوع يرجع الى جمال النص على اساس الصراع النفسي. ستراكتور البحث يتكون من اربعَ مواضيع: الموضوع الاول: تعريف ومفهوم الصراع، يتحدث عن تعريف الصراع وانواعه والاشعار تقع مع صراع لذاتها.الموضوع الثاني:علاقة بين العقل والقلب، يضَع فيه صراع النفسي الذي لايعرف كيف يعطي قراراً نهائياً للشي الذي يريده من ناحية النفسية يعطي الصراع للقلب والعقل.عن طريق أراء بعض العلماء حللنا العلاقة بينَ العقل و القلب. موضوع الثالث: تحليل الشعر (شارى دلّ)، يتكون الشعر من سبعة ابيات، وقمنا بتحليل عنوان الموضوع وسلطنا الضوء على الابيات كلها وحللنا الحالة النفسية للشاعر.الموضوع الرابع: مفهوم (أذهب أو لاأذهب)بين أشعار كوردية و الفارسية.

Abstract

This study deals with the poem (The Town of the Heart) which is one of the masterpieces of the poet (Saed Kameli Imam Zambili). The text erupted from a Psyche dimension, i.e. the poet's conflict with himself. The artistic view of the text aesthetic within the psych conflict is the chief reason for selecting the poem for this topic.The study structure has for sections: The first section summarizes the definition and concept of for conflict; here various types of conflict are also explained as the poem .has been formed in a psych conflict formula

The second section is an outline of the relationship between brain and heart. The poet's efforts and struggles are analyzed, pointing out his difficulties in taking any acceptable decision. At last he gives the choice to the brain and heart.While the third section deals with critical explanation and analyses of each verse alone, (of the seven verses) and the whole text as well. The study has a psychoanalytic dimension of the poet's condition and his poetic language.The study is reinforced with .diagrams

The Fourth Topic: The Expression of (to Leave or not to Leave)in .Kurdish and Persian poetry, and their Common Backgrounds


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان:

* قرآن الكريم- الكتاب المقدس

١- سەرچاوەی کوردی:

أ-کتێب:

١- زەنبیلی, سەید کاملی ئیمام (کامیل شا)، ٢٠١٣, دیوانی ئاوات –شاری دڵ- ئانا-تاران.

٢- زادە, سوارەی ئیلخانی, ٢٧٠٩ک,خەوە بەردینە, چ١, چاپخانەی ئازادی

٣- هەڵمەت, لەتیف, ٢٠١٤,شیعری دژە شیعر یا یارییەکی کۆن و نوێ, چ١, چاپخانەی رەهەند.

ب- توێژینەوەی ئەکادیمی:

١- حمەعلی, فەرهاد صالح ،٢٠١٠, کەسێتی خۆویست لە ڕۆمانەکانی محەمەد موکری دا، ماستەر، زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زمان.

٢- بایز, هەڵمەت ، ٢٠٠٦,ڕەهەندەکانی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، ماستەر، کۆلیژی پەروەردەی ئیبن روشد، بەغدا.

ج-سەرچاوەی ئینتەر نێت:

١-عومەر هەڵەبجەیی derunhasy.com 20-12-2015وەرگیراوە.

٢- هێمن عوسمان، نیگەرانی و تێکچوونی دەروونی تێکست نووس، gekon.infowww.den 20-12-2015وەرگیراوە.

د- بەرنامەی تەلەفزیۆنی:

١-بابەتێکی زانستی دۆبلاژکراو لەبارەی پەیوەندی(هەناو و عەقڵ)، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، یەک شەممە، دەمژمێر یەک و نیوی دوای نیوەڕۆ، ٢٠١٥/١/٣

٢- قەرەچەتانی, کەریم شەریف ،٢٠١٤, بەرنامەی (سایکۆ لۆجی)، تەلفزیۆنی گەلی کوردستان.

٢-سەرچاوەی عەرەبی:

١- کتێب:

العدواني, معجب ،٢٠٠٢, تشكيل المكان و ظلال العتبات، النادي الأدبي الثقافي ، جدة المملكةالعربية السعودية ، ط١ .

٢- گۆڤار:

- حمداوي. جميل ،١٩٩٧. السيميوطيقا و العنونة، مجلة عالم الفكر ، عدد ٣ ، الكويت .

٣- ئینتەرنێت:

١- جواد, مهدي محمد ، مفهوم الصراع وتعريفه،٢٠١٣ www.uobab yio.edu.iq ٣-١-٢٠١٦وەرگیراوە

٢- النابلسي، د. محمد راتب ، يوتيوب- عقل وقلب – www.yautub.com ٣-١-٢٠١٦وەرگیراوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٣-هل قلب مضخة الدم او شي اخر- يوتيوب-www.yautub.com ٣-١-٢٠١٦وەرگیراوە

٤--http://www.al-kalema.org/%D9%83%D9%84%D9%85%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%82%D9%84%D8%A8-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%82%D8%AF%D8%B3.htm

٥-

www.google.iq/search?q=عمليه+نقل+رئس&tbm=vid&source=lnms&sa=X&ved=0ahUKEwj8hMeV3-fZAhUS3KQKHTIGDXEQ_AUICigB&biw=1366&bih=637&dpr=1

٣- سەرچاوەی ئینتەرنێت بەزمانی فارسی:

١-https://ganjoor.net/hafez/ghazal/sh359

٢ -http://shereno.com/profile.php?id=20129

٣ - http://aysam.ir/بروم-یا-نروم

٤--http://kheyme.net/%D9%85%D8%A7%D9%86%D8%AF%D9%87-%D8%A7%D9%85-%D8%A8%DB%8C%D9%86-%D8%AF%D9%88-%D8%B1%D8%A7%D9%87%DB%8C-%D8%A8%D8%B1%D9%88%D9%85-%DB%8C%D8%A7-%D9%86%D8%B1%D9%88%D9%85-%D8%9F/

٤- سەرچاوەی ئینتەرنێت بەزمانی ئینگلیزی:

١- http://www.fountainmagazine.com/Issue/detail/The-Heart-Mind-Connection 10-1-2016وەرگیراوە

٢- http://www.goodreads.com/quotes/tag/heart 10-1-2016 تورگیراوە


p-ISSN (2410-1036) e-ISSN (2522-7130)